هاوڵاتیانی هەولێر لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەی جەماوەری دەکەن

هاووڵاتییانی هەولێر بە سڕکێنەکردنی ئەو هەڕشە مووشەکییەی کرایە سەر شارەکەیان، لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەی جەماوەری دەکەن.

ئەمە سەشەممە، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆ کرد، کاتژمێر 10:30ـی بەیانی ئەمە؛ گەورە و بچووک و هەموو چین و توێژەکان، "بە گەیاندنی دەنگی مەزۆمیەت و ڕیسواکردنی بکەرانی ئەو تاوانە"ـی شێوی رابردوو بەرامبەر بە شاری هەولێر کرا، لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر شەقامی 100 مەتری گردبوونەوەی جەماوەری دەکەن.

پارێزگاری هەولێر دەڵێت، مەبەست بەو هاووڵاتیانە دراوە و "ئەمەش پشتیوانیان لێدەکەین و لەگەڵیان دەبین". داواش لە جەماوەری "هەمیشە سەربەرزی هەولێر و دووربەری دەکەین، بە گەیاندنی دەنگی هەولێر و سڕکێنەکردنی ئەو تاوانە، بەشداریی فراوان بکەن".